# مێژووی
# ڕۆژی ڤەلەنتاین

دکتۆر هونەر عەر دڵپاك




رۆژی ڤەلەنتاین ڕێکەوتی 14ی
مانگی 2ی هەموو ساڵێك
ئەویندارانی دیاری و گوڵی سوور
ئەگۆڕنەوە. ئەمەش لە زۆر
شوێنی جیهاندا بۆتە نیمچە
جەژنێك بۆ ئەوان.




ڤەلەنتاین خۆی قەشەیەك بوو لە سەدەی سێیەمی زاینیدا ژیاوە
لەسەردەمی ئیمپراتۆر کلاودیاسی دووەم،



لەو سەردەمەدا ڤیستیڤاڵی لوپەرکالیا ساز ئەکرا لەم بۆنەیەدا ناوی کچانی رۆما لەسەر پارچە کاغەز ئەنووسرا و ئەکرایە گۆزەیەکەوە کوڕان ئەهاتن و هەریەکەو ناوی کچێکی رائەکێشا، بەم جۆرە ئەو کچە ئەبووە




هاوئاهەنگی و زۆرینەی ئەبوونە هاوڕێ و هاوسەرێتی زۆری لێ ئەکەوتەوە بەڵام ئەم ئیمپراتۆرە سەرەڕۆیە رۆمای تووشی زۆر

جەنگی خوێناوی کردەوە، ئەیویست هەموو گەنجان بکاتە سەرباز و سووتەمەنی جەنگەکانی. بۆ ئەمەش بڕیاری دا کە هاوسەرێتی قەدەغە بکات بەڵام قەشە ڤەلەنتاین هەر بەردەوام بوو لەسەر مارەکردنی کچ و کوڕان، لەسەر ئەمەش بەند کرا و فەرمانی سەربڕینی درا. بەمە ڤەلەنتاین بووە هێمای خۆشەویستی و ئەمەکداری ئەوین



بۆیە ئەویندارارن و لاوان هەموو ساڵێك وەك ئەمەكێك بۆ رۆژی كوژرانی ڤەلەنتاین لەم رۆژەدا ئاهەنگ ئەگێڕن و یادی ئەگەنەوە, بەم جۆرە بووە  جەژنی ئەمەك و ئەوین